
# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٦٠ ▪ چوارشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٢ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

## پەیام بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژبە ژنان

٢٥ی نۆوامبر، وەک ڕۆژی هاوخەباتی و یەکڕیزیی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لەدژی هەر جۆرە توندوتیژییەک بەدژی ژنان ناودێر کراوە. ئەم بۆنە جیهانییە بۆ نەتەوەی کورد و کۆمەڵگەی کوردی، جیا لە ڕوانینە مرۆییەکەی، وەبیرهێنەرەوەی ڕەهەندێکی بەربڵاوی ستەم و چەوساندنەوەیەکی هەمەلایەنەیە لەدژی ژنانی وڵاتەکەمان، کە جارێک بە هۆی کوردبوون و؛ جارێکیش بە هۆی ژنبوونەوە بەردەوام بەرەوڕووی توندوتیژی بوونەتەوە. شۆڕشی ژینا کە بە پێشەنگایەتیی ژنانی نیشتمانەکەمان و بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» دەستی پێ کرد، وێنەیەکی ڕوونتری لە ڕەهەندەکانی ستەم و توندوتیژیی دژبە ژنان خستە ڕوو. ویستی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان و کۆمەڵگەکانی دیکەی ئێران بۆ ڕزگاربوونیان لە ستەم و بندەستی، بە بەشێک لە بەها بەرزەکانی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» دادەنرێت، واتە پێداگرییەک کە لەسەر ئامانجی یەکسانی، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤەکان دەکرێتەوە.

وێڕای بەرزڕاگرتنی ئەم بۆنە جیهانییە، هیوادارم وشیاری و ڕۆڵی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سڕینەوەی هەموو جۆرە ستەم و توندوتیژییەک بە تایبەت لە دژی ژنان، پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت. بە هیوای ئازادی و کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و یەکسان بۆ هەموو ژنانی وڵاتەکەمان.

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (مستەفا هیجری)**

## کۆماری ئیسلامی و شەڕی غەززە

# مایەپووچ هاتنەوەی ڕێژیمی تێرۆر و قەیرانخوڵقێن



◆ سەر وتار

## شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک و پیلانی ئاسایبوونی سەرکوت

**سمایل شەرەفی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر تەنیا ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕۆژاوا و هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە دوژمن و نەیاری خۆی نازانێ، بەڵکوو خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە وەک دوژمن سەیر دەکات و بەکردەوەش شەڕی بەدژ ڕاگەیاندوون. ئەوەندەی ئەم ڕێژیمە و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر خەڵکی ئەم وڵاتە، هیچکات نیوئەوەندەش خەڵک هەڕەشە و مەترسیی دەرەکییان بۆسەر خۆیان هەست پێ نەکردوە. تەنانەت ئەوکاتانەش کە لە ڕەوتی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراقدا کوشتن و وێرانییان بەسەردا سەپێنرا، دیسان هۆکار و سەبەبی هەموو ئەم کوشتار و ماڵوێرانیانە، هەر سیاسەتە شەڕئەنگێزەکانی ئەم ڕێژیمە تینوو بە خوێن و ئاشق بەشەڕە بوو.

شەڕی کۆماری ئیسلامی دژبە گەلانی ئێران بەدرێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمە درێژەی هەبووە و لە ئێستاشدا ڕۆژانە خەڵک جیا لە هەڵگرتنی باری قورسی ژیان و گوزەرانێکی پڕ لە هەژاری، گیانیان لێ دەستێندرێ. شەڕی کۆماری ئیسلامی دژبە خەڵک فرەچەشنە؛ لە بەرتەسکردنی....

درێژە بۆ لاپەڕەی ٢

## حەسەن شەرەفی:

## بەردەوامیی تێرۆر و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات بۆ بەهێزیی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای گەیشتنە دەسەڵات لە سێ لاوە و بە بەرنامە و ئامانجدار لە سێ بواردا لەدژی حیزبی دێموکرات لە مەیداندا بووە. یەکەم لە باری تەبلیغییەوە بە کافر و دوور لە دین و بە داردەستی بێگانە زانین و ئەوەی دوور بوو لە واقعییەتەکان. دووهەم، لە باری هێرش و سەرکوتەوە کە لەڕێگەی عەرز و ئاسمانەوە کردیە سەر کوردستان و گەمارۆیشی خستە سەر، و بێجگە لەوانە تێرۆریزمیشی وەکوو چەکێک لەدژی جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات وەڕێ خست.

– کۆماری ئیسلامیی هەتا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی تێرۆر کردوە کە دیارترینەکانیان شەهیدان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی، دوو سکرتێری پێشووتری حیزب بوون. بەڵام بەداخەوە باجی ئەو تێرۆرانە لەسەری قورس نەبوون. لەبارەی پەروەندەی تێرۆری ڤییەن‌دا دەوڵەتی ئۆتریش کلکی لە بەر دەستی کۆماری ئیسلامیدا بوو، چونکی ئەو وڵاتە لە شەڕی ئێران و عێراقدا پێچەوانەی یاسا چەکی بە هەردوو وڵات فرۆشتبوو، و نیگەران بوو کە ئێران ئەوە لەقاو بدات. بەڵام کاتێک لە تێرۆری مێکونووس‌دا بەهۆی سەربەخۆیی دەزگای قەزایی ئاڵمان پەروەندەکە ئاکامی خۆی وەرگرت، ئێران هەس درایەوە و لە تێرۆرەکانی لە خاکی ئورووپادا دەستی ڕاگرت. بێگومان ئەگەر ئەو سەربەخۆییەی دەزگای قەزای ئاڵمان هەیبوو ئۆتریشیش هەیبا، دوکتور سادق تێرۆر نەدەکرا، چوونکە پێشی پێ دەگیرا.

– بەڵام هۆکارەکانی بەردەوامیی ڕێژیم لە تێرۆری ئەندامانی حیزبی دێموکرات وەک گوتم یەکەمیان بۆ ئەو دوژمنایەتییە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات هەیەتی و لەو کاتەوە دەستی پێ کردووە کە کورد «نا»ی بە ڕێفراندۆمەکەی کۆماری ئیسلامی گوت. دووهەم بۆ پێگە و قورسایی حیزبی دێموکرات لە ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی دژبە ڕێژیم دەگەڕێتەوە ئەویش لە کاتێکدا ڕێژیم حاشا لە مانەوەی ئەو حیزبە دەکا کەچی بەبەردەوامی مووشەک و درۆنی بۆمبڕێژکراوی تێ‌دەگرێ و ئەندامەکانی تێرۆر دەکات. بێگومان ئەوەش بۆ بەهێزیی ئەو حیزبە دەگەڕێتەوە ئەگینا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو هەمووە پیلانەی لەدژی دەگێڕا؟

– هەتا هەتا خەباتی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەدژی کۆماری ئیسلامی لەگۆڕێدا بێ جینایەت و تێرۆرەکانی ڕێژیم بەردەوام دەبن، بەڵام دەکرێ بە پلان و بە وریایی زیاتر لە ڕادەی زیانەکانی ئەو پیلانانە کەم کەینەوە، بەڵام هیچ ڕێژیمێک عومری نۆحی نییە و، هیچ خەبات و تێکۆشانێکی ڕەواش بێ‌ئاکام نامێنێتەوە. بۆیە دڵنیام ئەو ڕێژیمە بە دەست تێکۆشەرانی ئازادیخوازی ئێران و بە تایبەتی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لەنێو دەچێ و ئەو دەمی پتر لە ئێستاش لایەنە شاراوەکانی پەروەندەی جینایەتەکانی کۆماری دەردەکەون.

**(چەند تەوەر لە وتووێژی حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ کوردکاناڵ)**

## کەماڵ کەریمی:

## ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی عەڕەبی نەگەیوەتە ئاستێک قازانجی بۆ ئێران هەبێت

- حەوتووییەک پێش دەستپێکردنی شەڕەکە خامنەیی ڕوو لە وڵاتانی عەڕەبی گوتی، ئێوە لەسەر ئەسپی تۆپیو گرێوتان کردوە و ئیسراییل نامێنێ. ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی شەڕەکە، پەیامی خۆشی و شادیی ڕاگەیاند. بەڵام دوای هێرشی ئیسراییل و پاشەکشەی حەماس حاشا ئاگایان لەو هێرشەی حەماس بووبێ و لەو بەرپرسایەتییە کە کەوتووەتە سەر شانیان خۆیان دزییەوە. هەموو ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە یەکێک لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسراییل، ئەوە بوو نەهێڵێ پەیماننامەی ئیبراهیم لەنێوان ئیسراییل و وڵاتانی عەڕەبی سەر بگرێ و لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو...

- لەڕاستیدا هەڵوێستی واقعبینانە و دوور لە هەڵچوونی وڵاتانی عەڕەبی نیشانەی لێکدانەوەی دروستیانە لە سیاسەتەکانی ئێران لەو شەڕەدا. ئەوان دەزانن کە ئەمە ئێرانە و کۆماری ئیسلامییە کە ئەم کێشانە دروست دەکا. ئەوان دەزانن کە ئەو شەڕە شەڕی ئەوان وەک دنیای عەڕەب نییە، و شەڕی فەلەستینییەکانیش نییە لەڕاستیدا، بەڵکوو شەڕی ئێرانە کە لە ناوچەدا سازی دەکا. بۆیە بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتێژییەکانی وڵاتانی عەڕەبی ناخوازی وەکوو ساڵی ١٩٧٣ شەڕ لەگەڵ ئیسراییل بکەن...

**(هەموو وتووێژەکە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێننەوە)**


«هەنگەژاڵ» سەلاخخانەکەی ئەم ڕۆژانەی کوردستان — عەلی بداغی — ٣

لە ئیسلامی سیاسیدا شتێک نییە بە ناوی بیری نەتەوەیی — سۆران باریکە — ٤

خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانە — شەهلا دەباغی — ٦

وەردانەوەیەکی شۆڕشی ژینا و فاکتەرەکانی سەرکەوتنی — ناسر ساڵحی‌ئەسڵ — ٩

ئەدەب و هونەری بەرگری — ڕێباز مەریوانی — ١٠

